# پەروەردە لە ئێراندا



ناسکە عوسمانی

ڕاهێنان و پەروەردەکردن لە گرینگترینی ئەو دامەزراوانویە کە لە هەر وڵاتێکدا نەوەکانی داهاتووی تێدا پەروەردە دەکرێن. ئەو دامەزراوە ئەرکی پەروەردەی هێزی کار، بەڕێوەبەرایەتی دەزگاکان و توێژی داهێنەری لە ئەستۆیە. بەڵام بە داخەوە ئەم دامەزراوانە لە ئێران دا جگە لە بەرهەمهێنانی توێژێك بە مەدرەکی خوێندنی بەرز و بێکار و سەرلێشێواو کە نە لە نەوەی رابردووی خۆی دەچێ و نە پێوەندی بە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆوە هەیە، کارێکی دیکەی نیە.

بە پێچەوانەی سیستەمگەلی راهێنانی پێشکەوتوو کە مرۆڤەکان لە سەرەتاوە بەپێی هەندێك پێوەر هەڵدەسەنگێنن و هەلومەرج و کەرەسەگەلی پێویست بۆ پێگەیاندنیان و پڕاکتیزە کردنی بەهرەکانیان دابین دەکەن، قوتابیانی ئێرانی تا کاتی زانکۆچونیان نازانن لەکام بواردا تواناییان هەیە. لە نیزامی راهێنانی ئێراندا هەر لەسەرەتای چوونە قوتابخانەوە هەوڵ دەدرێ بایەخە ئایینییەکان لە مێشکی قوتابی بئاخێنرێن و بەهەر قیمەتێك بووە فێربکرێن و بە تەواوی پرسەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتوری و تەنانەت سیاسی لە روانگەی ئایینییەوە چاوی لێبکرێ. لە هەوەڵ ساڵی چوونە قوتابخانەوە دوو وانەی دەرسی"قورئان" و "دینی" دەرخواردی منداڵان دەدرێ و ئەم رەوتی خوێندنە تا ساڵەکانی خوێندنی باڵا و تەنانەت لە زانکۆش درێژەی هەیە. قوتابی دەبێ هەندێك لە سوورەکانی قورئان لەبەر بکا و تا پۆلی سێهەمی سەرەتایی بە تەواوی لەسەر "اصول" و "فروع"ی دین شارەزایی هەبێ و ئەو منداڵانەی کە لە وانە ئایینییەکان دا باشتر دەردەکەون زیاتر بایەخیان پێ دەدرێ و تەشویق دەکرێن.

هەر سیستەمێکی نوێی راهێنان بەبێ ئەزموون کردن لەئاستێکی بەرتەسك دا، دەبێتە سیستەمی راهێنانی وڵات و بە میلیۆنها قوتابی دەبنە قوربانی سیاسەتی غەڵەتی کۆمەڵێك بەرپرسی بێ لیاقەت. بۆ نمونە سیستەمی (تێرمی-واحیدی) کە دوای ئەزموون کردنی چەند ساڵ لە سەراسەری وڵات و دوای ئەوەی کە بەو ئاکامە گەیشتن کە ناتوانێ وەڵامدەر و کارا بێ، گۆڕدرا بە سیستەمی (ساڵی-واحیدی) تاکوو جارێکی تر نەوەیەکی تر ببێتە قوربانی بێ لیاقەتی کۆمەڵێك بەرپرسی نەزان و کەمتەرخەم و قوتابی بێ سەواد بەرهەم بێنێ و بیانبەخشێتە کۆمەڵگا.

بایەخدان بە بابەتگەلی کۆمەڵایەتیش تەنیا خۆی لە ئاراستەی رواڵەتی و جۆری پۆشینی قوتابی دا دەبینێتەوە کە بەتایبەت بۆ کچان فشارەکە زۆر زیاترە. تووش بوون بە ماددەسڕکەرەکان و گەندەڵی ئەخلاقی و زۆر کێشەی لەم چەشنە کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر قوتابخانەو دەبیرستانەکانی گرتۆتەوە، جگە لە لایەن هێندێك مودیر و مامۆستای دڵسۆز دژایەتیان لەگەڵ ناکرێ. وەك فاکتێکی زیندوو لە یەکێ لە دەبیرستانەکانی مەهاباد لە ساڵی خوێندنی ١٣٨١-١٣٨٠ قوتابییەك هەموو رۆژێ ماددەی سڕکەری لەگەڵ خۆی بۆ دەبیرستان دەهێناو کاتێك لەلایەن مامۆستاکەی ناسێنرا و مودیری دەبیرستان لێی ئاگاداربوو، یەکێك لە هاوالآنی دانی بەوە دا ناو کە ماوەیەکی زۆرە لە هەوڵی موعتاد کردنی دایە. پاش لێکۆڵینەوە و دەرکەوتنی ئەو مەسەلەیە، تەنیا کارێك کە لەگەڵ ئەو کچەتازە پێگەیشتووە کرا، دەرکردنی لە لایەن مودیری دەبیرستانەوە بوو، ئەمە بەجێگای هەوڵدان بۆ پێشگرتن لەو لادانە کۆمەڵایەتییە بوو و لە لایەن ئیدارەی پەروەردە و راهێنانەوە هیچ کارێك بۆ ئەو کچە نەکرا.

لە وەها نیزامێکی پەروەردەدا، قوتابیان لە بەرەبەری تاقیکردنەوەکانی کونکووردا بەرچاوترین قوربانیانی ئەم سیستەمە گەندەڵەن. قوتابیان لە ئێران دا گەورەترین ئاواتیان قەبووڵ بوونە لە کونکوور و چوونە ناو زانکۆیە، بەڵام دەبێ بۆ سەرکەوتن لەو دوندە لە سنورێکی زۆر ئەستەم بەناوی دێوی کونکوور بگوزەرێن. قوتابی تا قۆناغی پێش دانیشگاهی بەهەڵسەنگاندنی بەهرەکانی خۆی رشتەی دڵخوازی خۆی هەڵدەبژێرێ بەڵام کە پێی نایە ئەو قۆناغەوە پشت لە گشت بەهرەکانی خۆی دەکا و تەنیا مەسەلەی گرینگ بۆ ئەو دەبێتە قەبووڵ بوون لە کونکوور دا و بەم شێوەیە بەهرەگەلێکی زۆر بەفیرۆ دەچێ. بەڵام بارودۆخی زانکۆکان زۆر لەوەش خراپترە.

دایك و باوکەکان لەگەڵ ئەوەی دا کە ئاواتی ناردنی منداڵەکانیان بۆ زانکۆ هەیە، لە هەمان کاتیش دا لەوە نیگەرانن کە مەبادا منداڵەکانیان لەو ناوەندەدا توشی گیروگریفتی وەك تووشبوون بە ماددە سڕکەرەکان و گەندەڵی ئەخلاقی بن. چونکە زانکۆی ئەمرۆ لە ئێران دا بوّتە یەکێك لە ناوەندە فەسادیەکان.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەو زانکۆیانەی کە لە ئێران دا هەن، وەك زانکۆی ئازاد و سەراسەری و پەیامی نوور و ... هەزینەی شوێنی مانەوە و ئیمکاناتی خوێندن ئەوەندە زۆرە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیان بە هۆی نەبوونی دەرەتانی ئابووری ناتوانن درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن. ئەو مەسەلەیە بەتایبەت لە کوردستان دا بەرچاوترە چونکە فاکتەرە کولتووریەکانیش دەبنە لەمپەر لە بەر دەم چوونی بەتایبەت کچان بۆ زانکۆ. بۆ ئەو کەسانەش کە دەتوانن لە فیلترەکان رەد بن، هیچ گەرەنتیەك بۆ داهاتووی کاریان لە ئارادا نیە، بەدوای تێپەڕین لە زانکۆ مەدرەکێك وەردەگرن کە دواتر زۆربەیان مەجبوور دەبن ببنە شۆفیری تاکسی و دوکاندار و .... ئەوە لە حاڵێك دایە کە دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ ئەو لاوانە لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك ئێران دا بۆ دەوڵەت کارێکی زۆر ئاسانە.